# (( ڕاكردن لەناو تاریكیدا )) *

Aram_qaradaghi@hotmail.com
ئارام قەرەداغی



لەم ڕێگەیەوە دەڕۆم و ئاوڕ نادەمەوە...
كڵاوەكەم دادەگرم و نایكەمەوە سەرم
لێرە دەڕۆم...لێرە
لێرەیەك كەخۆڵەكانی نامۆیە بەمن
ئەو بەردانەی قاچی لەسەر دادەنێم قوروسكەیان لێوەدێ
چاو دەنوقێنم و بەم تاریكیەدا تێدەپەڕم
جەفاكان دەبەم
باهەر چەقۆكان لەناو خوێنی شەرەفی منا بن
خۆمن ئیدی ناگەڕێمەوە,
لێرە دەڕۆم...لێرە
ئێرەیەك ڕۆژەكانی پێچەوانەی منن
نا...نا بڕوام بەگەڕانەوە نیە
من لێرە لەزوهدەكانی تۆدا دەمرم
هەر لێرە تۆ لەتاوانەكانی منا تێربویت
هەموو جەرەتاوە حەرامەكان وەهمی منن
منێك لەم تاریكیەدا تاكە ڕەنگێكیش نابینم
منێك لێرە
شەرم دەكەم لەو تاڵە موانەی
بەسەر لێومەوە ڕواوە

تۆش
هەموو فەخرەكانت لەسنگتایە
لەم تاریكیەدا
هەنگاودەنێم
هیوام بەهەنگاوێكی دی نیە
هەمیشە هەنگاو دەنێم
لەتاریكیەوە بۆ تاریكی
هەمیشە لەڕاكردندام
لەڕەشاییەوە بۆ ڕەشایی
من دەڕۆم كێ دەزانێ
چ تاریكیەك دەمخوات
تۆ ناتوانی
سەرابەكانی من ببینیت
وەك چۆن من ناتوانم
دەست لەخەیاڵەكانی تۆوەبدەم
لێرە دەڕۆم
ئێرەیەك من هەمیشە
ئاژەڵی سێركم بەدەستی تۆوە
لێرەیەك كەئاسودەیم
لەژێر پێلاوەكانی تۆدایە
ناتبینم چەند تاریكە
ڕەنگە لەناو
هەناسە تاریكەكانمدا وون بوبێت
من چی لێرەبكەم
منێك كەڕوحم لەجەستەم ئازاری زیاترە
لەبەیانیەكی تاریكا
كەكاسم لەبۆگەنی زڕیاوكەكانمدا
تەمەنناى بۆنی تۆدەكەم
تۆیەك
كەهەمیشە لەنیوەی ڕێگاكانا بەهیلاك دەچیت
تۆیەك
كەهەمیشە لەنیوەی ڕێگاكانا دەگەڕێیتەوەو

من لەویٚ بەجێدێلی
کەدەزانی دەستم دەلەرزیٚ
دەستم بەرئەدەی
کەلەخودا دەترسیت
بێز لەمن دەکەیتەوە
لێرە دەڕۆم
لێرەیەك کەهەموو تاوانەکانمان
دەکەینەملی شەیتان
لێرەیەك کەهەردەبیٚ
ئەمەلەکانمان دانێین بۆجەهەنەم
بەناو تاریکیدا ڕادەکەم
وەك ڕاکردنی ئاسکێکی بریندار
لەدەستی ڕاوچییەکان
بەسەر ئەم پردی سیراتەدا ڕادەکەم
کە قولاپەکانی هەمووی گومانن
کە عەزابەکانی ژێری هەمووی ڕقن
بەهەشتەکانی ئەوبەری هەموی ڕسواییە
نا...نا من دەڕۆم من ڕادەکەم
من بەتاریکیدا دەڕۆم
من بە ڕەشایدا ڕادەکەم
تۆ هێلنج ئەدەی
لەحەقیقەتەکانی من
گاڵتەت بە موگلەقەکانی
ناخی من دێت
لەم تاریکیەدا دەڕۆم
کەلێرە من خەون بەڕنگی چاوی تۆ وەدەبینم
من نازانم تۆ بەیانی
چەند زلوماتمان بەدیاری بۆ دەنێری
چەندساڵ لەمەنفاکانی سەقەرا
دەمانهێلیتەوە
من لەم ڕێگەیەوە دەڕۆم
لێرە پێکەنینەکانمان

لەجێی خوێنی برینەکانمان دێنەدەرەوە
ئەم هەموو قاقایە
قوڵپەی لێشاوی بێزاریەکانمانە
ئەڕۆم بۆ ئەوێ
چونکە ئەوێ تاریکترە لێرە
تا تاریکتربێ زیاتر چاومان نابینێ
نیوەڕۆیەکی تاریك
لەم ڕێگەیەوەدەڕۆم و
چەپکێ لاسکە گوڵ دەبەم
بۆ سەر کەلاکە بێ گۆڕەکان
ئەو گوڵانەی یەکپەڕەیان پێوەنەماوە
ئەو کەلاکانەی
کەهەمویان بەدەستی خۆمان لەویا کەوتن
لەم تاریکیەدا
تۆزێك لەتابلۆکانی ئێرە
لەچاوما هەڵدەگرم
لەڕێگە وەك گەورەکانم
دەی فرۆشم بەهەوانتە
من لێرە دەڕۆم... لێرە
لێرەیەك
کەمن لەناو تۆدا دەمرم
تۆش ئاگات لەلاشەی من نیە
لێرەیەك کەبێبەهایە ئەم مردنەی من
ئەشێ ڕۆژێك
بەهەڵە بگەڕێمەوە سەر وێرانەکانی خۆم
ئەوسا تێ دەگەم
تۆ چ گاڵتەجارێەکت بەمن کردووە
ئەوسا تێ دەگەم
تۆ چ نەهامەتیەکی ئەو سەردەمەی من بویت
من دەڕۆم بەناو تاریکیدا
ئێوارە بەجێ دێڵم
بەخەڵتانی خوێنەوە

من لەتاو بۆنی حێل و مێخەكەكانی
زڕدایكەكانم دەڕۆم
لەم ڕێگەیەوە دەڕۆم و ڕەنگە كۆتاهەمین جاربێ
لەم تاریكیەوە دەڕۆم
بۆئەوەی دەر بەگەڕانەوە نەبەم و
جارێكی دی نەگەڕێمەوە

* تێبینی: ناو نیشانی ئەو قەصیدەیە لە ناو نیشانی قەصیدەیەكی دلاوەر قەرەداغیەوە نزیكە بە ناوی (ڕاكردن بەناو سێبەرا) كە تەنیا ناونیشانەكان لەیەك نزیكن و ناوەرۆك تەواو دورن لەگەڵ ڕێزم بۆ كاك دلاوەر